NED DENG



راپۆرتێک لەبارەی :

# کێشەی پێوەری زیرەکی کارەبا لە گەرمیان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پێشەکی:

پێوەری زیرەکی کارەبا، پرۆژەیەکی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمە، کە تیایدا پێوەری کارەبای میکانیکی کۆن دەگۆڕێت بۆ پێوەرێکی دیجیتاڵی مۆدێرن.

ئەم پرۆسەیە لە بنەڕەتەوە وەک وەزارەتی کارەبا رایگەیاندوە، بە ئامانجی بەرەودان بوە بە کەرتی کارەبا لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی زیاتری وزەی کارەبا و رێگریکردن لە بەهەدەردانی ئەم وزەیە و پیادەکردنی دادپەروەریی.

پرۆژەکە لەگەڵ ئەم ئامانجانەدا، هەڵگری چەندین کێشە و گرفتی جیاوازە، کە لەمیانەی ئەم راپۆرتەدا دیارترین ئەو کێشانە لە ئاستی ناوچەی گەرمیان دەخەینەڕو.

# یەکەم: ناساندنی پێوەری زیرەک و دابەشبونی لە گەرمیان

## ١. دەستپێکردنی پرۆژەی پێوەری زیرەک

عەلی حەمەسالح، سەرۆکی لیژنەی وزە وسامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «لە کابینەی پێشو بڕیار لەسەر دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا دراوە، بودجەکەی بە گوژمەی نزیکەی ٢٦٠ ملیۆن دۆلارە کە لە پارەی گشتی بۆی تەرخان کراوە».

پرۆژەی پێوەری زیرەکی کارەبا لە ساڵی ٢٠٢٠ـەوە رۆشتوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەست بە دانانی کرا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، لە بەرواری ١ـی ٣ـی٢٠٢١ خوێندنەوەی پارە بە پێوەری زیرەک بۆ هاوڵاتیان گەڕایەوە و دەستی پێکرد.

حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان باس لەوە دەکات: پرۆژەی پێوەری زیرەکی کارەبا بڕیاری وەزارەتە، سیستەمێکی نێودەوڵەتیە و پێوەرە کۆنەکانی کردوە بە پێوەرێکی دیجیتاڵی نوێ.

## ٢. هۆکاری دانانی پێوەری زیرەک

بەڕێوبەری کارەبای گەرمیان باس لەوە دەکات یەکێک لە هۆکارەکانی دانانی پێوەری زیرەکی کارەبا ئەوەیە ئەم پێوەرە زیرەکە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی یەک سەرچاوەیە و هیچ جیاوازیەکی نەهێشتوەتەوە لە خوێندنەوەیدا، بەڵام پێوەرە کۆنەکان چەندین سەرچاوەی هەبو و بەهەدەردانی کارەبای زۆر بوە، وەک: نەخوێندنەوەی پێوەر و گۆڕینی پێوەر و زۆر خوێندنەوەی، بەڵام پێوەری زیرەکی کارەبای زیرەک دەستکاری ناکرێت و راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی کارەباوە هەیە لە رێگەی سێرڤەری تایبەتەوە.

هاوکات بەڕێوبەری کارەبای گەرمیان وتیشی: ئەم پرۆژەیە نوێ نیە لە کابینەی ٥ و ٦ی حکومەتی هەرێمەوە قسەی لەسەر کراوە.

## ٣. دیاریکردنی نرخی کارەبا

بەپێی ئەو خشتەیەی کە بەردەستی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کەوتوە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، نرخی خەرج کردنی کارەبای بە دینار دیاری کردوە وەک: (ماڵان، بازرگانی، کشتوکاڵی، پیشەسازی و میری)، بەپێی خەرجکردنی کیلۆواتە بەتایبەت بۆ ماڵان کە لە ١٨ دینارەوە دەست پێدەکات تاوەکو ٢٤١ دینار.

| ژ | ناونیشان | پولی 7,8 | KWH | نرخ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ماڵان | پولی 7,8 | 450-1 | 18 دینار |
| | | | 900-451 | 24 دینار |
| | | | 1500-901 | 42 دینار |
| | | | 2100-1501 | 72 دینار |
| | | | 3000-2101 | 90 دینار |
| | | | 5000-3001 | 181 دینار |
| | | | لەو زیاتر | 241 دینار |
| 2 | بازرگانی | 9,10 | قطعی | 157 دینار |
| 3 | کشتوکاڵ | 22 | قطعی | 36 دینار |
| 4 | پیشەسازی | 24 | قطعی | 145 دینار |
| 5 | میری | 1 | قطعی | 181 دینار |

لە بەرواری 2/1/2022 دەبێت 80 دینار

## ٤. کارەبای گەرمیان دابەشبوە بۆ ٤ گروپ

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: کارەبای گەرمیان دابەش بوە بۆ ٤ گروپ، ٣ لەو گروپانە بۆ سەنتەری شاری کەلار و کفری و ناحیەی رزگاریە، یەکێک لە گروپەکانیش بۆ لادێکانە کە پێدانی کارەبایان جێگیرە لە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆوە پێیان دەدرێت بۆ ٧ی بەیانی.

سۆران محەمەد نوری، وتیشی: دواتر گروپی A و B و Cمان هەیە بۆ قەزاکانی کەلار و کفری و ناحیەی رزگاری، بەپێی ئەو خشتەی کە دامان ناوە رۆژانە ٦ بۆ ٨ کاتژمێر کارەبا دەبڕێت کە بۆ هەر رۆژە و گروپێکە.

فاکتەرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی بە گەرمیان دەگۆڕێت، بەجۆرێک لە سەر بەرهەمهێنانی کارەبایە لە کوردستان کە چەند دابەش بکەن، لە ئێستادا بەشی گەرمیان ٧ ,٤٪ـە، ئەمە لە کاتێکدایە هەر بڕە کارەبایەک بەرهەم بهێنرێت ئەو رێژە بەر گەرمیان دەکەوێت، هەندێکجاریش کە بەرهەمهێنان کەم دەکات، ئەو رێژەیەش کە دەدرێت بە گەرمیان بەهەمانشێوە کەم دەکات.

بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای گەرمیان هێمای بۆ ئەوەشکرد: لە تواناماندایە رۆژانە ١٥ بۆ ١٦ کاتژمێرکارەبا بدەین بە هاوڵاتیان، بۆیە کە بەرهەمهێنان کەمبو کاتژمێرەکانی کارەباش کەم دەبێتەوە.

## ٥. دابەشبونی پێوەری زیرەک لە گەرمیان دا

«لە سنوری ئیدارەی گەرمیان پێوەری زیرەک لە ٪٩٠ی قەزا و ناحیەکان دانراوە، جگە لە ناحیەی شێخ تەویل و لادێکان، بەتایبەت لە سەنتەری قەزای کەلار تەنها ناوبازاڕ ماوە، چونکە پێویستی بە سیانەکردن هەیە و زۆر جەنجاڵە، لەگەڵ ئەوەش دەبێت شوێنی تایبەت هەبێت سەعاتی پێوەرەکەی لەسەر دابنێین، ئەگەرچی بۆ شوێنە تایبەتەکانی بازاڕ دانراون». حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان وای وت.

دەشڵێت: لە هەندێک لادێی وەکو: بەرلوت و تازەدێش دانراوە، بۆ ئەوانی دیکەش داوای پێداویستیمان کردوە بۆمان دابین بکەن بۆ ئەوەی دەست بە دانانی بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێک لادێ گرفتی تۆڕەکانمان هەیە پێویستی بە چاکسازیە لەسەر هێلەکانی کارەبا، بۆیە پشکنینمان بۆ کردون بۆ ئەوەی چاکسازی تێدا بکەین».

لە نێو هەر پێوەرێکی کارەبا سیمکارتی تایبەتی کۆمپانیای زەینی تێدا جێگیرکراوە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتی کارەباوە هەیە بۆ چاودێری کردن و داتاکردنی خەجکردنی کارەبا لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بەڵام لە لادێکانی سنوری گەرمیان گرفتی سیگناڵی تۆڕی «شەبەکەی» زەین هەیە.

بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان لەمبارەیەوە باس لەوەدەکات: کۆمپانیای زەین گرێبەستی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا هەیە لە هەر شوێنێک پێوەر دانرا دەبێت سیگناڵی پەخشی بگەیەنێتە ئەو شوێنە، بۆیە ئەرکی ئێمە تەنها دانانی پێوەرەکەیە، کە سیگناڵ و شەبەکە نەبو سەروی خۆمان ئاگاداردەکەینەوە لە بونی ئەو گرفتە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان کە لە بەرواری ٩-١٢-٢٠٢٢وە بەستنی پێوەری زیرەکی کارەبا دەستی پێکردوە لە قەزا و ناحیەکانی سنورەکە بەمشێوەیە:

| شوێن | سندوق | Meter 1ph پێوەری 1 فیس 40 ئەمپێری | Meter 3ph پێوەری 3 فیس 90 ئەمپێری |
|---|---|---|---|
| کەلار | 12284 | 38210 | 1253 |
| کفری+ ناحیەی سەرقەڵا + ناحیەی کۆکس + ناحیەی زنانە | 5473 | 12832 | 274 |
| ناحیەی رزگاری | 4649 | 12355 | 198 |
| ناحیەی باوەنور | 1178 | 2324 | 47 |
| ناحیەی مەیدان + ساڵح ئاغا | 199 | 334 | 5 |
| ناحیەی شێخ تەویل | -------- | -------- | -------- |
| ناحیەی قۆرەتو | -------- | -------- | -------- |
| کۆی گشتی | 23783 | 66055 | 1777 |

پێوەری 1ph بۆماڵانە و ٤٠ ئەمپێر کارەبا دەدات، بەڵام پێوەری 3ph تایبەتە بە شوێنە گەورەکانی وەک مارکێت و شوێنی پیشەسازی و دوکان کە ٩٠ ئەمپێرە، ئەم ئەمپێرانەش دەتوانرێت کەم و زیاد بکرێت بەپێی ئەو کاتژمێرانەی کە کارەبا دەدرێت.

## ٦. ژمارەی هاوبەشانی کارەبا

بەپێی ئەو ئامارەی لای بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیانە، ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە سنورەکەدا بریتیە لە ٧٨٧٦٧ هاوبەش، ٦٧٨٣٢ هاوبەش پێوەری زیرەکی بۆ بەستراوە.

## ٧. شوێنە بازرگانیەکان تاچەند پێوەریان بۆ دانراوە؟

حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: «لە ناوچەی پیشەسازی کەلار و کفری پێوەر دانراون، باخەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیانیش بەشێکیان بۆمان داناون لەگەڵ گوندی شێخ لەنگەریش، بۆیە ئەمە ئیشێکی بەردەوامە و کۆتایی نایەت، چونکە ماڵ زیاد دەکات، شوێنی بازرگانی و کشتوکاڵی زیاد دەکات دەبێت پێوەریشی بۆ ببەسترێت».



## ٨. وەزارەتی کارەبا سیستەمێکی بۆ ئاگاداربون لە کارکردنی پێوەر داناوە

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری جکومەتی خۆجێی گەرمیان، وەزارەتی کارەبا لە ڕێگەی سیستەمێکەوە ڕاستەوخۆ ئاگادارە لە کردنەوەی ئەو پێوەرەی کە بۆ ماڵان دانراوە، چونکە مانگانە دەزانێت کە داتای خەرج کردنی کارەبای هەبوە یان نا.
حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: «سیستەمێکی نوێی وەزارەتی کارەبا هەیە کە مانگانە هەمو زیادەڕەوییەکانی شارەکان دەنێردرێتەوە بۆمان، بە جۆرێک ئەگەر پێوەرەکە لێبکرێتەوە لە هەر ماڵێک ڕاستەوخۆ ئاگاداردەکرێینەوە لە چ شوێن و گەڕەکێکە پێمان دەڵێن بەدواداچون بکەین، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە وەزارەتەوە هەیە، دوای ٣٠ ڕۆژ جارێک خوێندنەوە بە پێوەر سفر ئەبێتەوە، ئەم سیستەمەش تەنها بۆ ئەو ماڵانەیە کە پێوەریان بۆ بەستراوە».

# دوەم: کێشەکانی پێوەری زیرەک

## ١. زۆری هاتنەوەی پارە بە پێوەری زیرەکی کارەبا

«پێش ئـەوەی پێوەری زیـرەک دابنرێت مانگانـە زۆرترین پارە بهاتایەتەوە بۆمان ٦٠ بۆ ٧٠ هەزار دینار بوە، کە چی لە ئێستادا تەنهـا بۆ سـێ مانگ بری ٥٥٥ هەزار دینارمـان بۆ هاتوەتەوە». محەمەد حەمە ئەمین، هاوڵاتی لە شاری کەلار وای وت.
وتیشی: ئەمە لە کاتێکدایە هەمان ئەو پێداویستیانەمان هەیە کە پێشتر بەکارمان هێناون و کاری پێ ئەکەین.
خاوەنکارێک دەڵێت: لەوەتەی پێوەری زیرەکە کارەبا دەسـتی بە کارکردوە، بە کارکردنی چەند گڵۆپێکی روناکی زیاتر لە ١ ملیۆن دینارم بۆهاتوەتەوە.
چیمـەن محەمەد، خاوەنی فرۆشـگای ترشـیاتی سـۆما لە کەلار دەڵێـت: «لەوەتـەی وەرگرتنی پارە بوە بە پێـوەری زیرەک، ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینارم بۆ هاتوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ برە پارەیـەک قەرزار نەبوم و ٢ جار کارمەندی وەرگرتنی پارە هاتوە تەسلیم کردوە».
دەشـڵێت: لە کاتێکدا دوکانەکەی من کە ترشـیاتی تێدایە نابێت گەرمی تێدا کاربکات، هیچ سپلتم کار پێنەکردوە و لەگەڵ ئامێری تـری گـەرم کەرەوە، ئـەوەی کار ئەکات تەنهـا ٢ بەراد و چەند گڵۆپێکی روناکیە کاری پێ ئەکەم.
«لـە ماوەی ٣ مانگـدا ٩٠٠ هەزار بۆ دەرمانخانەکەم و ٧٠٠ هەزار بۆ تاقیگەکەم هاتوەتەوە، لە کاتێکدا کارەکەی ئێمە تەنها گڵۆپی روناکی و لید و ئامێری پشـکنینی ئاسـاییە، نە ئامێری حەدادیە و نە کۆسـرە کاری تێدا کردوە». ماهیر مەهداوی عادل، خاوەنی نۆرینگەی پاشا لە کەلار وای وت.
هێمـای بۆ ئەوەشـکرد: لە کاتێکدا هیچ پارەیـەک قەرزار نەبوم، چونکە لە سـەرەتای سـاڵی نوێـوە ١ ملیۆن و ٢٠٠ هـەزار دینار قەرزار بوم ئەوەشـم سـفر کردوە، لەگەڵ ئەوەشـدا لەو کاتەوەی پێوەری زیرەک خراوەتە کار سپلیتەکەشم لابردوە.
لەبەرامبـەردا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشـتی کارەبای گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: «هاتنەوەی پارە بە پێوەر کێشـەیەکی نیە، چونکە ئەو پێوەرە هی یەک کارگەیە، هەر هاوڵاتیەکیش گلەی هەیە لە هاتنەوەی زۆری پارە دەتوانێت سەردانمان بکات، لەبەر ئەوەی ئێمـە ئامێری پشـکنینی ئەو پێوەرەمان هەیە کـە فەرمانبەرمان هەیە سەردانی ماڵان دەکات بەو ئامێرە بەراوردی ئەو ژمارەی کە لەسـەر کاغەزەکەیە و ئەو ژمارەی کە لە پێوەرەکەدایە دەخرێتە بەردەستی».
وتیشـی: چاوەڕێی کەوتنەکاری بەرنامەیەکی «داتا سۆفتوێرێک» دەکەیـن کـە ٣٠ رۆژ جارێک خوێندنـەوەی پێوەر بـۆ هاوڵاتیان دێتەوە.
هـاوکات، عادل جەلال، بەڕێوبەری وزە لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیـان، وتـی: پێـوەری زیـرەک هەڵە نـاکات، هەر هەڵەیەکیـش هەبێت لە بڕی پارەکان کە دێتەوە بەڕێوبەرایەتیمان دەسـەڵاتی هەیە تاوەکو ٥ ملیۆن دینـار هەڵە چاک بکات، بەڵام لـە ئەو برە بە سـەرەوەی ئاراسـتەی وەزارەت دەکرێت و بەپێی رێنماییەکان چاکی دەکات.


> »
> لە ماوەی ٣ مانگدا ٩٠٠ هەزارم بۆ هاتوەتەوە، لە کاتێکدا کارەکەی ئێمە نە ئامێری حەدادیە و نە کۆسرە کاری تێدا کردوە
> «

## ٢. کەمکردنەوەی ئەمپێرەکانی کارەبا

هاوڵاتیـان باس لەوەدەکەن کەمکردنـەوەی ئەمپێرەکانی کارەبا کێشـەی بۆ دروسـت کـردون، بەجۆرێـک پێداویسـتیەکانیان پڕناکاتەوە و بەبەردەوامی کارەباکەیان دێتە خوارەوە.
محەمـەد حەمـە ئەمیـن، هاوڵاتـی لە کـەلار وتی: «سـەرەتا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە کارەبا زیاد ئەبێت و ٦٠ ئەمپێرە، کەچـی کارەبـا زیاد نەبو، بگرە ئەمپێرەکـەش کەم کرایەوە بۆ ٤٠ ئەمپێر دواتر بۆ ٣٠، ئەمەیە خزمەتەکەیان بو بۆ خەڵک؟!».
وتیشـی: سـەرباری ئـەوەی کە شـتێک دادەگیرسـێنین دێتە خوارەوە و کێشەی بۆ دروست کردوین، بۆیە ژیان بەو شێوەیە ناڕوات.
هاوکات، چیمەن محەمەد، خاوەنی فرۆشگای ترشیاتی سۆما لە شـاری کەلار دەڵێت: «چەند جارێـک کارەباکەم داکەوتوە، لە کاتێکدا دوکانەکەی من هێندە پێداویسـتی تیا نیە کە ئاوا بێتە خوارەوە لە چاو هەندێک شوێنی دیکە.
«چەنـد جارێک کارەباکەمان هاتوەتە خوارەوە و پەیوەندیم بە بەڕێوبەرایەتی کارەباوە کردوە بۆیان هەڵکردوینەتەوە، هەروەها قۆڵتیەشی خراپ و لاوازە، ئەمەش نارەزایەتی زۆری هاوڵاتیانی بـەدوای خۆیدا هێناوە نازانین ئەمە تاکەی بەردەوام ئەبێت؟». ماهیـر مەهـداوی عادل، خاوەنی نۆرینگەی پاشـا لە کەلار وای وت.
لەبەرامبەردا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان دەڵێت: «ئەم پێوەرە توانای پێدانی ٦٠ ئەمپێر کارەبای هەیە، بەڵام پار ساڵ مانگی ٦ وەزارەتی کارەبا بڕیاریدا بکرێت بە ٤٠ ئەمپێـر بـۆ ئەوەی کاتژمێرەکانی کارەبا زیاتـر ببن، دوابەدوای ئەوەش ئەمساڵ لە سەرەتای مانگی ١ـی بۆ ٣ـی کردی بە ٣٠ ئەمپێر بەهۆی زۆری خواسـت و کەمی کاتژمێرەکانی کارەباوە، بەڵام لە دوای ئەو بەروارە زیادی کردەوە بۆ ٤٠ ئەمپێر».
وتیشـی: کاتێک دەکرێت بـە ٦٠ ئەمپێر کە دەبێت ٢٤ کاتژمێر کارەبـا بدرێت بە هاوڵاتیان، لەگەڵ ئەوەشـدا پـارەی زیاتر بۆ هاوڵاتیان دێتەوە ئەگەر زیاتر بکرێت.

## ٣. گرفتی هێنانە خوارەوەی «قاطعی» کارەبا

لەبەرامبەر داکەوتنی پێوەرەکانیان، هاوڵاتیان بەمەبەستی دوبارە هەڵبونـەوەی کارەباکەیـان، پەنا دەبەنە بـەر هێنانە خوارەوەی «قاتعی» گشت کۆڵان یان گەرەکە، ئەمەش کێشەی بۆ هاوڵاتیان دروست کردوە، بە جۆرێک پێداویستی ماڵان سوتاوە بەو هۆیەوە، بەڕێوبەری کارەبای گەرمیانیش دەڵێت: تاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە ئیجرائات بکەین، چونکە هاوڵاتیان هاوکارمان نەبوە.
حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان باس لەوە دەکات: «ئێمە نەمانتوانیوە هیچ ئیجرائاتێکی یاسای بکەین بەرامبەر ئەو هاوڵاتیانەی کە کێشـەیان دروسـت کردوە بۆ هاوڵاتیان بە هێنانە خوارەوەی قاتعەکانەوە، چونکە بۆمان کۆنترۆڵ ناکرێت و زیاتر لە ٢ هـەزار محاویلـە بەس لە کەلار بونی هەیە بەمەش دەکاتە زیاتر لە ٤ هەزار قاتع، لەگەڵ ئەوەشـدا فەرمانبەرمان کەمە لە کاتێکدا ٤٠ هەزار بەس هاوبەش لە قەزای کەلار بونی هەیە».
دەشـڵێت: هاوڵاتیان ئامادە نین ناوی ئەو کەسـانەمان بدەنێ کە کارێکی لەو شێوەیە دەکەن.



## ٤. کێشەی درەنگ هاتنەوەی پسوڵەی کارەبا

یەکێـک لـەو کێشـانەی کە لـە کەرتـی کارەبا دا هەیـە، درەنگ هاتنـەوەی پسـوڵەی کارەبایە، ئەمەش وادەکات پارەکە لەسـەر هاوڵاتیان کەڵەکە بکات.
سـالار ئەحمەد، ماستەر لە کارەبا و مامۆستای کۆلێژی تەکنیکی کـەلار، وتـی: یەکێک لە کێشـەکان ئەوەیە چەنـد مانگ جارێک پـارە دێتەوە لە بـری مانگێک جارێک، بەمـەش بڕێکی زۆر پارە کۆدەبێتەوە و هاوڵاتیان وا هەست دەکەن زۆریان بۆ هاتوەتەوە.
بەڕێوبـەری کاروبـاری وزەی گەرمیـان دەڵێـت: دەوامنەکردنـی فەرمانبەر و دواکەوتنی موچەوە وایکردوە وەرگرتنی پارەی کارەبا بە مانگانە نەبێت، لە کاتێکدا هەمو مانگێک خوێندنەوە بە پێوەر دێتەوە بۆ ئێمە.
عـادل جەلال، بەڕێوبەری کاروباری وزە لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیـان، وتی: «لە ئێسـتادا سیسـتەمەکە بە هەمو شـێوەیەک ئامادەیـە کـە مانگانە پارە بۆ هاوڵاتیـان بگەڕێتەوە، چونکـە هەمو مانگێک خوێندنـەوە دێتەوە بۆ ئێمە، بەڵام بەهۆی کەمی دەوامکردنی فەرمانبەران و دواکەوتنی موچە وایکردوە فریا نەکەوین مانگانە بێت».
دەشـڵێت: لە سـنوری ئیدارەی گەرمیان ٥٩ ژمێرەمان «عەداد» هەیـە بۆ کۆکردنەوەی پارە، ئەو رێژەیەشـی کـە هەیە ئەگەر بە رێکی دەوام بکرێت و موچە لە کاتی خۆی بدرێت، ئەوە بەسە بۆ ئەوەی کۆکردنەوەی پارە بکرێت بە مانگانە.
«پێـش بەسـتنی پێـوەری زیرەکـی کارەبـا ئەو پسـوڵانەی کە فەرمانبەرەکانمان دابەشـیان دەکرد بەسـەر ماڵان و شـوێنەکانی دیکـەش لـەلای خۆمـان چاپ دەکـرا، لە دوای ٢٨ـی٢ـی ٢٠٢١ کـە کار بە پێوەری زیرەکی کارەبا دەسـتی پێکردوە، چاپکردنی پسـوڵەکان بوە بە مەرکـەزی و لە هەولێر چاپ دەکرێت». عادل جەلال، وای وت.

### ٥. بونی هەڵە لە خوێندنەوەی پسوڵە

لەماوەکانی رابردودا زیاد لە هاوڵاتیەک باسیان لەوەکرد کە هەڵەی گەورە و ناسروشـتی لە خوێندنەوەی کارەباکەیان کراوە، ئەمەش دوای دەستبەکاربونی پێوەری زیرەک.
دیارتریـن حاڵەتیش لەمبارەیەوە، هاتنەوەی بڕی ٥٤ ملیۆن دینار بو بۆ ماڵێک لە قەزای کفری.
لەبـارەی ئەم حاڵەتەوە، عادل جـەلال، بەڕێوبەری کاروباری وزە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان، وتی: «ئەو هاوڵاتیەی قەزای کفری کە پسوڵەکەی بڵاوکرایەوە و بڕی ٥٤ ملیۆن دیناری بـۆ هاتبـوەوە، پێش پێوەری زیرەک بوە، چونکە پێشـتر هەبوە فەرمانبـەر هەڵـەی کـردوە لـە داخڵکردنـی بڕی خـەرج کردنی کارەباکە، ئەوەشـی کە رویدا لە قەزای کفری بە هەڵە تۆمارکرابو و بە وردبینیشـی هەر بەو شـێوەیە دەرچوبو و سـفرێکی بۆ زیاد کرابو، دواتر چارەسەر کرا و هەڵەکە چاک کرا».
هێمـای بۆ ئەوەشـکرد: ئەو فەرمانبەرەی کە هەڵەی کرد سـزای ئیداریی درا و سزاکەشی ئینزار بوە.

### ٦. کێشەی پەیوەندییکردن

یەکێـک لە رێگە چارەکان کـە بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان هەنـگاوی بۆ ناوە بۆ روبەڕوبونـەوەی گرفتی داکەوتنی کارەبا، دانانـی سیسـتەمێکی پەیوەندیە کە رۆژانـە هاوڵاتیان دەتوانن سودی لێببینن و راستەوخۆ کارەباکەیان بۆ دەگەڕێتەوە.
وەک هەندێک لە هاوڵاتیان باسی دەکەن، ئەم سیستەمە بەشی پێویسـت کارنـاکات و تەنهـا دو ژمارە دانراوە بـۆ ناوچەیەکی گەورەی وەکو گەرمیان.
لەبەرامبەردا، سـۆران محەمەد نوری، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی کۆنترۆڵـی کارەبـای گەرمیان، هاوکات لێپرسـراوی سـەنتەری پەیوەنـدی گەرمیـان Call Center بـاس لـەوە دەکات: «سیسـتەمی کە لە بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان بۆ ماوەی سـاڵێکە کارا بوە ٢٤ کاتژمێر بەردەسـتە و ٢ ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی بۆ دانراوە».
وتیشـی: بەڵام گرفتی کەمی فەرمانبەرمان هەیە کە ٦ کەسـن و هـەر رۆژە و دانەیەکیـان ٢٤ کاتژمێر لـە دەوامدایە و وەڵامی پەیوەنـدی هاوڵاتیـان دەداتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا هاوڵاتیان بـەردەوام بـاس لەوەدەکـەن پەیوەنـدی وەڵام نادرێتـەوە بەو شـێوەیە نیە، چونکە یەک کەسـە جاری واهەیـە ٢ پەیوەندی پێکەوە دێت، بۆیە ٢ فەرمانبەربن کێشەکە چارەسەر دەبێت.
سەبارەت بە درەنگ هەڵدانەوەی کارەبا لەرێگەی ئەو سیستەمەی دانراوە، هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەم سیستەمە وەهایە کەسێک کە پەیوەندی دەکات لانیکەم هەتاوەکو کارەباکەی بۆ هەڵدەدرێتەوە ٥ خولەکـی پێویسـتە، چونکە تا داخڵی سیسـتەمەکە دەبێت و ژمارەکـەی پێوەرەکـە داخڵ دەکات، لەگـەڵ ئەوەش دەبێت رەزامەندی هەڵدانەوە وەربگرێتەوە دواتر کارەباکە دێتەوە.
سـەبارەت بـەوەی رۆژانـە هاوڵاتیـان تـا چەنـد پەیوەندی بە سەنتەرەکەوە دەکەن، لێپرسراوی سەنتەرەکە باسی لەوەشکرد: «بەپێـی رۆژ کەوتـوە، بەتایبەت لە مانگـی ١ بۆ مانگی ٣ کە بڕی کارەبا کرا بە ٣٠ ئەمپێر، رۆژانە زیاتر لە ١٠٠ پەیوەندیمان بۆ دەهات، بەڵام لەو ماوەی دواتر کە ئەمپێر زیادکرایەوە رۆژانە ١٥ بۆ ٢٠ پەیوەندیمان بۆ دێت.

## سێیەم: هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەی پێوەری زیرەک

### ١. چالاکوانێک: پێوەری زیرەک سودی نەبوە

چالاکوانێک باس لەوەدەکات پێوەری زیرەکی کارەبا لە بەرژەوەندی حکومـەت بوە نـەک هاوڵاتی، چونکـە بڕیار وابـو کاتژمێرەکانی کارەبا زیاد ببێت، بەڵام نەبو.
ئـاری عزەدیـن، چالاکـوان لـە گەرمیـان بـاس لـەوە دەکات: پێـوەری زیرەکی کارەبا بە گشـتی زیانی بـۆ هاوڵاتیان هەبوە و لـە بەرژەوەنـدی حکومەتە، چونکە بڕیار وابـو کارەبا زیاد ببێت هاوڵاتیانیـش ئومێدیان بەوە هەبـو، کەچی بە پێچەوانەوە کارەبا کەمیکرد و نرخی کارەباش زیادی کرد.
وتیشی: هۆکاری زیادبونی پارەی کارەباش دەگەڕیتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، یەکێک لەوانە خراپی و دەقیق نەبونی پێوەرەکانە لە کاتی خوێندنـەوەی، هـاوکات دابەزاندنی ڤۆڵتیە کـە وادەکات کیلۆوات زیاد بکات، سـەرباری ئەوەشـی کە سـێ مانگ جارێک پسـولەی کارەبا دێتەوە ئەمەش پارەکە زیاد دەکات و کۆدەبێتەوە.
هێمای بۆ ئەوەشـکرد: لە ئێستادا نارەزایەتیەکان لەسەر پێوەری کارەبـا زیـاد دەکات، بەجۆرێـک رەنگە لە داهاتـودا زیاتر بکات سەرئەنجام بگات بە لێکردنەوەی.
وتیشـی: «لە ئێستادا کارەبا مەرکەزیە و کاربەدەستانی ناوچەکە هیـچ دەسـەڵاتێکیان نیە لە زیادکـردن و کەم کردنـی کارەبا لە سنورەکەدا، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی سزادانی هاوڵاتیانیان هەیە».
دەشڵێت: پێوەری زیرەک تەنها بۆ ئەوەبو بڕی کارەبا لە هاوڵاتیان کـەم بکەنەوە و بیفرۆشـنەوە و بازرگانی پێوەبکەن وەکو بەنزین و بوارەکانی تر.

## ٢. حکومەت: پێوەری زیرەک سـودی زۆر بوە

لەبەرامبـەردا بەڕێوبەری گشـتی کارەبای گەرمیان، جەخت لە سودی پێوەرەکە دەکاتەوە.
حازم کەریم، وتی: بەپێی ئەو ئامارانەی کە هەن بەفیرۆچونی کارەبـا نزیکەی ٪١٤ کەم بوەتەوە بەهۆی پێوەری زیرەکەوە. لـە کـۆی ٧٦ هـەزار هاوبەش لە سـنوری ئیـدارەی گەرمیان ٦٦ هـەزاری پێوەری زیرەکی کارەبـا دانراوە، تەنها ١٠ هەزار هاوبـەش ماوەتـەوە، ئەمـە بەپێـی ئامارێکـی بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبای گەرمیان.
حـازم کەریـم، بەڕێوبـەری گشـتی کارەبـای گەرمیـان باس لـەوە دەکات: «بەپێی داتاکان بێت ٪٤٤ــی کارەبا لە پشـت پێـوەرەوە براوە بۆ ماڵان، بەڵام لەو کاتەوەی پێوەری زیرەک دانـراوە کـەم بوەتەوە بـۆ ٪٣٠، بۆیە ئەگەر لـە ٪١٠٠ پێوەر ببەسـترێت ئەبێـت ڕێژەکە کەم ببێتەوە بۆ ٪١٥».
بەرپرسـێکی تـری کارەبـا، جەختـی لەوەکـردەوە زیادەڕۆیی بەهـۆی پێوەری زیرەکەوە کەمیکردوە.
عـادل جـەلال، بەڕێوبەری کاروبـاری وزە لـە بەڕێوبەرایەتی گشـتی کارەبـای گەرمیـان، وتـی: «لەوکاتـەوەی پێـوەری زیرەکی کارەبا دانراوە ٧٧٦٧ هاوبەش زیادی کردوە و کە بە نایاسـایی کارەبایان راکێشـاوەتە ماڵەوە، بـەو ڕێژەیەش بێت کە لەبەردەسـتی ئێمەدایە ٥٢٥ زیادەڕەوی کەمی کردوە».

## ٣. پسـپۆڕێکی کارەبا: پێوەری زیرەک لایەنی باشـی زیاترە وەک لە خراپ

پسـپۆڕێکی کارەبـا جەخت لـەوە دەکاتەوە پێـوەری زیرەکی کارەبا لایەنی باشی زیاترە وەک لە خراپ، بەتایبەت هۆکارێکی باشـە بۆ نەهێشـتنی زیادەڕەوی کە لە سـاڵانی پێشوتر بونی هەبوە.
سـالار ئەحمەد، ماسـتەر لە ئەندازیاری کارەبا و مامۆسـتا لە کۆلێژی تەکنیکی کەلار، باس لەوە دەکات: «پێوەری زیرەکی کارەبـا هیـچ خراپیەکی نیە، بـەڵام چەنـد هۆکارێک هەن کە وایکـردوە هاوڵاتیـان بـە خـراپ دایبنێن، بەجۆرێـک پێوەری زیرەکی کارەبا ناتوانرێت دەسـتکاری بکرێت وەک پێوەرەکانی دیکـە کە دەسـتکاری دەکرا و بڕێکی کەم پـارە بۆ هاوڵاتیان دەهاتەوە».
سـەبارەت بـە لایەنـە باشـەکانی پێـوەری زیرەکـی کارەبا، ئەو پسـپۆڕە هێمای بۆ ئەوەشـکرد: ئـەم پێوەرە زیادەڕەوی نەهێشـتوە کـە بـە شـێوەی نایاسـایی هەبـو لـە پێشـتردا، لەگەڵ ئەوەشـدا ڕێگای لە کەمکردنـەوەی بەفیڕۆچونی کارەبا گرتـوە لەلایـەن هاوڵاتیانەوە کـە پێشـتر گرفتێکیان نەبوە لە بەکارهێنان.



# چوارەم: چی بکرێت؟

## چالاکوانێک: نرخی کارەبا کەمبکرێتەوە

«چارەسەر ئەوەیە کە پێویستە حکومەت نرخی کیلۆوات کەم بکاتەوە، هاوکات بڕی کارەباش زیاد بکات و هەمو مانگێک پسولەی کارەبا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارە کۆنەبێتەوە لەسەر هاولاتیان». ئاری عزەدین، چالاکوان لە گەرمیان وا دەڵێت.

وتیشی: ئەگەر ئەمە چارەسەر نەبێت پێویستە هاولاتیان هەڵوێست وەربگرن و پێوەرەکان لێ بکەنەوە، چونکە لە بەرژەوەندی ئەوان دا نیە.

## حکومەت: دەبێت خەڵکی هۆشیار ببنەوە

هاوکات، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان، دەڵێت: تەنها چارەسەر ئەوەیە کە دەبێت هاولاتیان هۆشیار ببنەوە و خەرجکردنی کارەبا کەم بکەنەوە، بە جۆرێک سپلیتێک کارپێبکرێت وەک لە ٥ سپلیت، ئەگەرنا ئەوە کیلۆوات زیاتر خەرج دەکات، بەمەش کارەباکەی دائەکەوێت، داکەوتنی کارەبا و زۆرهاتنەوەی پارەش پەیوەندی بە پێوەرەکەوە نیە، بەڵکو بەهۆی خەرجکردنەوەیە.

## ئەندامێکی پارلەمان لەبارەی کێشەکانی پێوەری زیرەکەوە قسەدەکات

ئەندامێکی پارلەمانی کوردستان باس لەوەدەکات لەبارەی کێشەکانی پێوەرەکەوە لەگەڵ وەزارەتی کارەبا گفتوگۆیان کردوە، ئەوانیش قسەی خۆیان هەیە.

عەلی حەمە سالەح، سەرۆکی لیژنەی وزە وسامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: ئێمە چەندینجار لەگەڵ وەزارەتی کارەبا کۆبونەوەمان کردوە، وەزارەت ئامانجیان هەیە لەم بابەتە، یەکێک لەوانە ژمارەیەکی ئیجگار زۆری بەشداربوی کارەبا هەیە لە دەرەوەی پێوەری کارەبا کە سەرپێچیە، دەڵێن تاوەکو ئێستا نزیکەی٣٠ هەزار سەرپێچیمان بڕیوە.

وتیشی: یەکێکی دیکەش لە ئامانجەکانیان یەکسانیە لە بەکارهێنانی کارەبا کە لە سەقفێکدا رای دەگرن و ناهێڵن لەو رێژەیە زیاتر بەکاری بهێنن.

لەبارەی کێشەکانی ئەم پێوەرە و گلەیی هاولاتیان، بەتایبەتی لە زۆر هاتنەوەی پارەی کارەبا، عەلی حەمەسالح وتی: هاتنەوەی پارە سیستەمێکی تری وەزارەتی کارەبایە و پەیوەندی بە پێوەرەوە نیە، بۆ هەر جارێکیش بەدواداچونمان کردوە لە کێشەکانی پەیوەندیدار بەم پێوەرە، وەڵامی وەزارەت ئەوەیە ئەڵێن ئێمە سیستەمی بەشداریکردنمان هەیە و دەتوانن پەیوەندی بکەن.

داوایشی کرد ئەو هاولاتیانەی گلەییان هەیە لە کەمی ئەمپێرەکان و کێشەی دیکە، لە فەرمانگە کارەباکەی خۆیەوە بەدواداچون بکەن کە ئامێرێکی تایبەت بە پشکنین هەیە بۆ ئەو مەبەستە.



# دەرەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

- ١. پرۆسەی دانانی پێوەری پێوەری زیرەک لە گەرمیاندا بە باشی چوەتە پێشەوە، بەشێوەیەک نزیکەی ٩٠٪ی قەزا و ناحیەکان پێوەری زیرەکیان بۆ دانراوە.

- ٢. پرۆسەکە لەلادێکان دا کەمتر ئەنجام دراوە، هەروەک لەلادێکان دا کێشەی نەبونی سیگناڵی تۆڕی پەیوەندییکردنیش هەیە.

- ٣. پێوەری زیرەک لە سنوری گەرمیاندا، چەند کێشەیەکی سەرەکی هەیە، کە لەم خاڵانەی لایخوارەوە کورتی دەکەینەوە:

ا. هاوڵاتیەکی زۆر گلەییان لەوە هەیە کە لەدوای بەستنی پێوەری زیرەکەوە، پارەی کارەبای زۆریان بۆ دێتەوە، لەمڕووەوە گومانیان هەیە. ئەگەرچی بەرپرسانی کارەبا رەدی دەکەنەوە هیچ گۆڕانکارییەک لە نرخی کارەبادا هاتبێتە ئاراوە.
ب. لەکاتێکدا یەکێک لە پاڵنەرەکانی کارکردن بەم سیستەمە ئەوەبو کە بڕی پێدانی کارەبا زیاد بکرێت، کەچی لە ماوەی پێدانی کارەبادا شتێکی ئەوتۆ نەگۆڕا، هەروەک لە بڕی پێدانەکەش خراپتر بو، بەوەی سەرەتا کرا بە ٤٠ ئەمپێر و پاشان کەمکرایەوە بۆ ٣٠ ئەمپێر و دواتر گەڕێنرایەوە ٤٠ ئە مپێر.
ت. هەر ماڵێک زیاتر لەو ٣٠-٤٠ ئەمپێرە بەکاربهێنێت، کارەباکەیان دەکوژێتەوە بەشێوەیەکی خۆکرد «ئۆتۆماتیکی» و دوای ماوەیەک هەڵدەبێتەوە، بەڵام هاوڵاتیان گلەییان لەوەهەیە کە زۆرجار دوای ئەو ماوەیەی کە دانراوە کارەباکەیان هەڵنابێتەوە، یان هەندێکیان چاوەڕێ ناکەن هەڵبێتەوە، بۆیە پەنا دەبەنە بەر هێنانە خوارەوەی «قاتعی» گشت کارەبای ئەو گەڕەک یان کۆڵانە، ئەمەش مەترسی و لێکەوتەی هەیە.
پ. هاوڵاتیان لەکاتی بونی کێشەدا بەتایبەت لە هاتنەخوارەوە و کوژانەوەی کارەباکانیان، پەنا بۆ سەنتەری پەیوەندییکردن دەبەن، بەڵام ئەم سەنتەرە لەگەرمیان ستافی کەمە و ناتوانێت بەدەم داوای هەمو پەیوەندیەکانەوە بێت.
د. درەنگ هاتنەوەی پسوڵەی کارەبا، هەروەها بونی هەڵە کە هەندێکجار هەڵەکان زەق و گەورەن، لەو کێشانەن کە هاوڵاتیان نیگەرانی لەبارەیانەوە دەردەبڕن. ئەگەرچی حکومەت باس لەوەدەکات بەهۆی نەبونی ستافی پێویست و بایکۆتەوە درەنگ پسولەکان دێتەوە، بۆ هەڵەکانیش باس لەوەدەکات ئیجرائات کراوە و هەڵەکان قابیلی چارەسەرن.

- ٤. حکومەت دەڵێت پێوەری زیرەک لە بەرژەوەندی هەموانە، بەڵام ئەم پەیامە وا بە هاوڵاتیان نەگەیشتوە و بەگشتی نیگەرانیەک لەناو هاوڵاتیاندا هەیە لەبارەی ئەوەی پێوەری زیرەک تەنها زیانی بۆ ئەوان هەیە. دەشڵێن: دەبێت نرخی کارەبا کەم بکرێتەوە کە تەریب بێت بە ژیانی خەڵکی، هەروەک کارێکیش نەکات کە قەرز لەسەر هاوڵاتیان کەڵەکە بکات.

- ٥. بەوتەی بەرپرسانی کارەبا، پێوەری زیرەک رێژەی زیادەڕۆیی لە سنوری گەرمیان کەمکردوەتەوە، بەشێوەیەک پێشتر ٤٤٪ی کارەبا لە پشت پێوەرەوە براوە بۆ ماڵان، بەڵام لەو کاتەوەی پێوەری زیرەک دانراوە کەم بوەتەوە بۆ ٣٠٪.

- ٦. حکومەت باس لەوەدەکات ئەم پێوەرە هۆکارە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان کارەبا بە فیڕۆ نەدەن، پسپۆڕێکی کارەباش جەخت لەسەر ئەم رایە دەکاتەوە و دەڵێت: رێگای لە کەمکردنەوەی بەفیڕۆچونی کارەبا گرتوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە کە پێشتر گرفتێکیان نەبوە زۆر خەرجکردن و بەکارهێنان.

## دوەم: راسپاردەکان

١. بونــی پێــوەری زیــرەک و دیجیتاڵی بە ســتاندارده نوێیــە جیهانیەکان، هەنگاوێکی زانســتی گرنگە چ بۆ دابەشــکردنی باشــتری وزە، بــۆ رێگریکــردن لەو کێشــە تەکنیکــی و کوموکورتیانەی لەم بــوارەدا رودەدەن. بــەڵام پێوەرەکە هەڵگری هەندێــک کێشــەیە، کە پێویســت بــەوە دەکات حکومەت هەنــگاوی خێراتــر و بنبڕتریان لەبــارەوە بنێت.
لەمــڕووەوە هانــی حکومــەت دەدەیــن کە هەڵســەنگاندێکی فراوان و گشــتی بۆ پرۆســەکە بــکات و هەروەهــا کۆبونەوە و کۆنفرانســی تایبەت گرێبــدات بــۆ چارەســەرکردنی کەموکورتیەکانی.

٢. پێویســتە حکومــەت راســتگۆ بێــت لەو بەڵێنانــەی کە لەبــارەی پێوەرەکەوە بە خەڵکــی داوە، لەوانــەش: زیادکردنی ماوەکانــی پێدانــی کارەبــای نیشــتمانی. بەپێچەوانەوە ئەمــە لێکەوتــەی خراپی دەبێت.

٣. ســنورداركردنی بــڕی کارەبــا، ئەگەرچــی دەوترێت بــۆ ئەوەیە ماوەیەکــی زۆرتر کارەبا بــە هاوڵاتیــان بدرێت، بەڵام بــەلای هاوڵاتیانــەوە مایــەی نیگەرانییە، ئەم کێشــەیە بێگومــان لە هاویــن دا زیاتر دەبێت لــە گەرمیان.
بۆیــە پێشــنیاز دەکەیــن رەچــاوی دۆخی ناوچەکــە بکرێت و بــڕی کارەبــای ناوچەکە زیاتــر بکرێت لەکاتی پێویســت و وەرزە گەرمــەکان دا.

٤. حکومــەت دەبێــت ئالیەتێکــی باشــتر بۆ چارەســەری کێشــەی داکەوتنــی کارەبای ماڵان بەهــۆی زیاتــر بەکارهێنانی کارەبــا بدۆزێتەوە، بەشــێوەیەک کــە زوتر هەڵبێتەوە و کێشــە و نیگەرانــی لێنەکەوێتــەوە، چونکە هەندێکجــار کارەباکە پــاش کوژانــەوەی هــەر هەڵنابێتــەوە، یاخود ئەو ماوەیــەی کە دانراوە بــۆ هەڵبونــی کارەباکە زۆرە، ئەمــەش وادەکات هاوڵاتــی پەنــا بــۆ هێنانە خــوارەوەی «قاتعی» گشــتی کارەبــای کــۆڵان و گەڕەکەکە ببــات، کە ئەمــەش زیانی زۆری دەبێت.

٥. درەنگهاتنــەوەی پســوڵەی کارەبــا، وادەکات پارەیەکــی زۆر لەســەر هاوڵاتیــان کەڵەکــە ببێت، ئەمــەش بارگرانیەکی زۆر دەبێــت بۆیــان. بۆیە پێویســتە چارەســەری ئەم کێشــەیە بکرێت.
رەنگــە بەشــێکی کێشــەکەش ئــەوە بێت کــە پســوڵەکە لەهەولێر چاپ دەبێــت و دابــەش دەبێت، ئەمەش فشــاری زۆر دەخاتــە ســەر چاپخانــە یــان ئــەو بەشــەی پەیوەندیدارە بــەم بابەتــەوە، بۆیە دەکرێــت لەئاســتی پارێــزگا و ئیدارە ســەربەخۆکان، بــەش و چاپخانــەی تایبەتیــان بــۆ بکرێتەوە بەمەبەســتی زوتــر چاپکردنی پســوڵەکان، یــان پەنابردن بــۆ رێگــەی ئەلیکترۆنی کــە هاوڵاتی لــە بڕی پســوڵەکەی ئــاگادار بکرێتەوە.

٦. ئــەو رێژەیــەی لــە زیادەڕۆیــی کەمکراوەتەوە مایەی خۆشــحاڵیە، بــەڵام دەبێت هەوڵــەکان بەردەوام بن بــەم ئاقارە، هەروەک پرۆســەکە هەمــو ناوچە و جێگــەکان بگرێتەوە بەبــێ جیاکاری.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکــی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشــتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیــان ئەنجام دەدات بەمەبەســتی پــەرەدان بەکارەکانیان و هەروەهــا بــرەودان بە پرۆســەی چاودێرییکردن و شــەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەســەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروســتکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروســتکردنی فشار بــۆ ئەنجامدانی پــرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشــەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ – ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net